السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەوەندە لە سامانەکەی ببە بە دادپەروەرانە کە خۆت ومنداڵەکانت پێویستتانە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هیندی کچی عوتبە -خێزانی ئەبو سوفیان- هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، و ووتی:«ئەی پێغەمبەری خودا، ئەبو سوفیان پیاوێکی ڕەزیلە، بە پێی پێویست خەرجی بە من ومنداڵەکانم نابەخشێت، مەگەر ئەوەندە نەبێت کە خۆم لە سامانەکەی (پارەکەی) ببەم بە بێ ئەوەی ئەو پێی بزانێت، ئایا لەم کارەدا گوناهبار دەبم؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوەندە لە سامانەکەی ببە بە دادپەروەرانە کە خۆت ومنداڵەکانت پێویستتانە».»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هیندی کچی عوتبە داوای فەتوایەکی کرد لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەویش ئەوەیە کە مێردەکەی وەکو پێویست خەرجی بۆ خۆی ومنداڵەکانی ناکات، ئایا دەکرێت لە پارەی مێردەکەی (ئەبو سوفیان) ببات بە بێ ئەوەی ئەو پێی بزانێت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەتوای ئەوەی بۆی دا کە دروستە ئەگەر بە پێی پێویست ببات بە بێ ئەوەی زیادەڕەوی بکات وسنوور تێبپەڕێنێت (بە شێوەیەکی مامناوەند ودادپەروەرانە).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2965

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee